# جوانی

لەنێوان گۆشەنیگای سێکسی/ وزەی ئیرۆتیکیدا

(ئاوڕدانەوەیەك لە کتێبی ڕزگارکردنی جوانی، بیۆنگ- چول هان)

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا**



١٥ی ئایار ٢٠٢٥ وتار

چەمکی جوانی لە شارستانیەتی یۆنانەوە پەڕیوەتەوە نێو شارستانیەت و کولتووری گەلانی دیکەوە. بەڵام هەتا ئێستا هزری مرۆڤایەتی پێوانەیەکی دیاریکراوی بۆ جوانی نییە، ڕەنگە هەرواش بمێنێتەوە. لە سەردەمی مۆدێرنەدا جوانی لەگەڵ نەرمی تەواو هاوئاهەنگە، نەرمی وەك هۆکاری سەرەکیی چێژ، وەک پێکهاتەیەکی جوانیی بینراو ئەژمار دەکرێت، بەو مانایەش نەرمی لەوێوە بۆ چێژوەرگرتن گونجاوتر دەردەکەوێت، کە هیچ بەرگرییەک نیشان نادات. بەڵام ئەو شتانەی زبر و توووند و تیژن، ئەندامەکان دەڕووشێنن، دەبنە هۆی ئازار و برینداركردن. ئەوەش دەبێتە هۆی گرژبوونی توووند و تیژ، یان گرژبوونی ریشاڵی ماسولکەکان. نەرێنیبوونی ئازار هەستی جوانی تا ڕادەی توووندی لاواز دەکات، جوانی کەم دەکاتەوە.

**سروودی جوانی**

لەنێو چاوانتەوە هەم ئاوابوونی خۆر

هەم سەرهەڵدانی کازیوە بەدی دەکرێن

وەك ڕەشەبای ئێواران بۆنوبەرامە دەپرژێنی

ماچت شەرابی عیشقە و زارت هەر چەشنی گۆزەیە

قارەمان ترسنۆك و منداڵانیش بوێر و ئازا دەکەی

پێم بڵێ تۆ لە کەندراوەوە بەرز دەبیتەوە

یان لە هەسارەکانەوە دادەبەزی

**(بۆدلێر)**

**بیۆنگ -چول هان**

فەیلەسوفی (ئەڵمانی بە ڕەگەز کۆریای باشوور) بیۆنگ -چول هان (لەدایکبووی ١٩٥٩/ سیئۆل)، مامۆستای زانکۆی هونەرەکانە لە (بەرلین)، بە هۆی توێژینەوە و وتارە سەرنجراکێشەکانییەوە لە ماوەی (10) ساڵی ڕابردوودا بە یەکێک لە ڕەخنەگرە هەرە وردەکانی (سەرمایەداری دیجیتاڵ) دادەنرێت. لە کۆی ڕەخنەکانیدا جەخت لەسەر چەمکی بەتاڵکردنەوەی ئەزموونی مرۆڤ و زستانی شارستانیەت و ژیانی ساتەوەختی پچڕ پچڕ و لاوازکردنی پەیوەندیی ڕاستەقینە و چێژی هونەری و جوانی.. دەکاتەوە. بیۆنگ -چول هان لە ڕێگای کارکردنی لەسەر بیری ڕۆمانتیکی ئەڵمانی و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی، ئاماژە بە دەرفەتی جێگرەوە دەکات، هەرچەندە دەستنیشانکردنەکانی هەندێجار ڕەها دەردەکەون! بەڵام کارەکانی تێڕوانینی بەنرخ دەربارەی کۆمەڵگای ماندوو (پرتوکاو) پێشکەش دەکات.

پرسیارکردنی ئەمڕۆ بۆ ژیان زیاد لە ئاستی خۆی مردووین، بۆ مردنیش زیاد لە ئاستی خۆی زیندووین. ناڕاستەوخۆ پرسیارێکە لەسەر چۆنیەتیی بەتاڵکردنەوەی ئەزموونی مرۆڤ، پرسیارێکە لەبارەی زستانی شارستانیەت و خۆشەویستی و جوانی و چێژی ئەدەبی و هونەری.. ئەمڕۆی (کۆمەڵگای دەستکەوت) لەسەر خودی ئەرێنی کار دەکات، لەسەر دەنگی بەردەوامی ناوەوە، کە دەڵێت (تۆ دەتوانیت) لە جیاتی (تۆ دەبێت) ئەوەش ئازادییە دژ بە ئازادی، کە مرۆڤ زیاد لە پێویست ماندوو دەکات، نەک ڕزگار بکات. چونکە دەبێ تاکەکان لەسەر ژیان بەردەوام کێبڕکێ لەگەڵ خۆیاندا بکەن.

**دڵی جوانی شکاوە**

ئاسمان دیار نییە، هەتا وەك (ئیمانۆیل کانت) باس لە ئەستێرەکانی بکەین، یاسای مۆراڵیش لەسەر کورسی لەناوەوەی منی عاقڵدا دیار نییە. لە دەرەوە لە هەموو لایەکەوە بە (گرتەی نزیك) دیمەنەکان ڕۆناك دەکرێتەوە.. ئیتر ڕۆحی هیگڵی و عەقڵی کانتی دژ بە کارەسات و

بەرانبەر بە دەرەوە ڕۆڵیان تەواو بووە. (جوانیی سرووشتی) لەبەرانبەر گرتەی ژیانی لەناکاوی (تۆ دەتوانیت) بە دڵشکاوی دەردەکەوێت.

(تیۆدۆر ئادۆرنۆ) دووبارە ژیان بە بەر جوانیی سرووشتیدا دەکاتەوە و دەڵێت: نەفیی شکاو، بەردەوام درووستکەری جوانییە. بێ ئەو نەفیی شکانە، جوانی لاواز دەبێت. بەڵام ئەو فۆرمە (ئادۆرنۆ)یيە بێ بەری نییە لە نێودژی، چونکە یەکێتیی ئەو فۆرمە لە لایەن ئەویدیکەی جوانییەوە تێکدەشکێ. بەو مانایە بەردەوام دڵی جوانی دەشکێت.

ئەی جوانی، تۆ لە بەرزاییی ئاسمانەکانەوە دێیتە خوارێ

یان لە قووڵاییی خەرەندانەوە؟

سیمات هەم دۆزەخین و هەم یەزدانی

لە هەمان کاتدا، خێر و تاوان تێکدەچرژێنی

بۆیە دەشێ بە شەرابت بچوێنین..

+++

ئەی جوانی!

گاڵتەجاڕانە بەسەر لاشەی مردوواندا گوزەر دەکەی

خشڵی سامناکییەکانت بێ ئەفسوون نین

ئەی شەمی شەوان، پەپوولە بەرەو تۆ دەفڕن

باڵەکانیان هەڵدەکڕووزێن و دەڵێن:

ستاییشت لێ بێ ئەی چرا!

+++

عاشقی سووتاو شۆڕبۆتەوە بەسەر مەعشووقدا

رۆحی لە ترپەترپ دەکەوێ و نەوازش لەگەڵ گڵکۆ دەکا

+++

( چەند کۆپلەیەك لە سروودی جوانی- گوڵی خراپە، شارل بۆدلێر، ئاراس، هەولێر، 2001. وەرگێڕانی لە فڕەنسییەوە، ئەحمەدی مەلا).

لە گوڵەکانی خراپەی بۆدلێردا لە سروودی (ئاوازی جوانی) جوانی کارەساتێکە کە ڕێکخستنی ئەستێرەکان دەشێوێنێت. جوانی ئەو مەشخەڵەیە کە پەپوولە خۆی لێ نزیك دەکاتەوە و باڵەکانیان گڕ دەگرێت. مەشخەڵ و گۆڕ (لە زمانی فڕەنسی) لەگەڵ یەکدا هاوسەروان، جوانی بە هەمان شێوەی مەشخەڵ لەسەر گۆڕیش هەڵکۆڵراوە. نەفیبوونی کارەسات، چرکەساتی جوانییە. جوانی، ئێمە لە ترس دەپارێزێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ترس لە ڕێگای جوانییەوە

دەدرەوشێتەوە، جوانی وێنە نییە، بەڵکوو پەردەیەکی نمایشە. (بڕوانە جوانیناسی کارەسات، بیۆنگ- چول هان. لە فڕەنسییەوە: فازڵ مەحموود، کردوویە بە کوردی. سایتی ژنەفتن، 19ی نیسان، 2021).

بە گشتی جوانی لە ئەرێنیدایە، هۆکاری سەرەکیی چێژوەرگرتن لە ئەرێنیدایە، لە ئارەزووکردنی خواردندایە. بەو مانایەش چەمکی ئەرێنی وەك بە بەشێکی دانەبڕاوی جوانی، مەعریفە دەگەیەنێت، وەك چۆن خەیاڵ و تێگەیشتن لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا بەشدارن. لەوێشەوە وەك یارییەکی ئازاد و جیاواز بەسەر جوانیدا دەکرێنەوە و ڕۆڵی خۆیان لە چاوەڕوانی جوانیدا وەك زانین و کردار دەگێڕن. بە دیوەکەی دیکە ڕەنگە جوانی لەسەر خۆی مەعریفە بەرهەم نەهێنێت! بەڵام میکانیزمی جوولەی مەعریفی دەپارێزێت. هەر بەو مانایەش خود بەدوای جوانیدا دەگەڕێت، کاتێک خود ڕووبەڕووی جوانی دەبێتەوە، عاشقی خۆی دەبێت. کەواتە جوانی هەستێکی ئیرۆتیکییە، نەك هەستکردن بە شتەکان، هەستکردنە بە خۆی. چێژ لە جوانیدا چێژە لە خودی خۆیدا.

چەمکی خود، وەک (ئیمانۆیل کانت) بیری لێ کردۆتەوە، بەردەوام خۆی هەڵدەگرێت بۆ خۆی. هەرگیز خۆی لەدەست نادات، هەمیشە خۆی لە دەستێوەردانی دەرەکی دەپارێزێ و کار بۆ خۆبوونی ئۆتۆماتیکی دەکات. لێرەوە ئادۆرنۆ لە جوانیناسییەکەیدا جەخت لەسەر توخمە ئۆتۆ-ئیرۆتیکەکە دەکاتەوە، بەو مانایەی کە هیچ شتێک نەتوانێ ببێتە هۆی ڕووشاندنی، بەڵام ئایا چێژ لە جوانیدا، چێژی خودە لە خۆیدا؟ جوانی دەستبەجێ دڵخۆشمان دەکات، بەڵام هەستیاری دەستبەجێ نابێتە هۆی هەستکردن بە دڵخۆشی. چونکە دەکەوێتە دەرەوەی خەیاڵ و مەعریفەوە بۆ نموونە: هەستکردن بە ئازار یان ناڕەحەتی، ترس لە مردن.

سرووشت لە بێدەنگی خۆیدا بەشێکی گەورەی جوانی هەڵگرتووە، کە ئامانجی ئەوە نییە لە ڕێگای دەنگدانەوەی (واو چەند جوانە) بەرجەستەی بکەیت، لەو حاڵەتەدا (واو چەند جوانە) جۆرێکە لە سووکایەتیکردن بەو بێدەنگییەی کە بەسەر دیمەنەکەدا زاڵە، کورتکردنەوەی تێگەیشتنی جوانییە بۆ تەنیا وشە-دەنگ. سرووشت لە بێدەنگی خۆیدا جوانی دەنوێنێ و بە تەواوی خۆی لە لۆژیکی بەکاربردن دوور دەخاتەوە، هەمیشە جوانیی سرووشتی بە داخراوی دەمێنێتەوە! جوانیی سرووشتی خۆی لە هەر هەوڵێکی پێناسەکردن دەدزێتەوە. پەیوەندییەکی جەوهەری لەگەڵ مۆسیقادا هەیە.

ئەوەی لە سرووشتدا دەدرەوشێتەوە لەو ساتەدا نامێنێت کە هەوڵی گرتنی دەدەیت! بەو مانایەش جوانیی سرووشتی بە پێچەوانەی (جوانیی دیجیتاڵی) وەستاوە. جوانیی دیجیتاڵی بە تەواوی نەرێنیی ئەویدیکە لەناو دەبات. جوانییەکی تەواو نەرمە. جوانیی دیجیتاڵی فەزایەکی نەرم بۆ ڕۆح پێک دەهێنێت، کە ڕێگا نادات هیچ شتێکی نامۆ، یان سەر بە ئەویدیکە بێتە ژوورەوە. بەهۆی دیجیتاڵکردنی کۆی ئەو شتانەی کە هەن، مرۆڤ تەنها لەگەڵ خۆیدا کۆ دەبێتەوە.

جوانیی سرووشتی خۆی لە پێناسەکردن و بەکاربردن دوور دەخاتەوە، بەڵام جوانیی دیجیتاڵی جیهان بۆ تۆڕێکی فرەچەشنی یەکگرتووی کۆنترۆڵکراو دەگۆڕێ و لەناو فەزای ڕووت و نەرم و ئەرێنیی بینراوی سەرسوڕماودا درێژ دەبێتەوە. کەواتە جوانی سرووشتی کراوەیە و جوانیی دیجیتاڵی کۆنترۆڵکراو. پرسیار ئەوەیە، ئایا جوانی شاراوەیە، یان ڕووت؟

## جوانی

## لەنێوان پۆڕنۆ و ئیرۆتیکدا

قسەیەکی (ڤاڵتەر بنیامین) هەیە، کە دەڵێ جوانی لە (جەوهەر)دا مەیلی لە دەرکەوتنە. بەڵام لە کتێبی (ڕزگارکردنی جوانی) ڕووتی و جوانی شانبەشانی یەکتر نارۆن. چونکە لەو قسەیەی بنیامیندا ئەوە جەوهەری جوانی نییە ڕووت دەبێتەوە، بەڵکووو ڕووخساری جوانییە ناڕاستەوخۆ خۆی دەردەخات، لێرەدا جوانی وەك ڕووخسار و ناوەڕۆك لێکجیا دەبێتەوە. جوانی وەك ڕووخسار مەیلی دەرکەوتنی هەیە، بەڵام وەك ناوەڕۆك مەیلی لە شاراوەییە و ئەوەی دەرنەکەوتووە داپۆشراوی خودی جوانییە! بە مانایەکی دیکە نهێنیی جوانی و هەڵوێستی جوانی لە خۆبەدەستەوەنەدانی هاتووە.

جوانیی ڕووخسار کە ڕووتە، بە زەرورەت جۆرێکە لە دەرکەوتن، بەڵام لە ناوڕۆکدا جوانی خزە و بە زەحمەت دەگیرێ، هەر بەو مانایەش (بیۆنگ-چول هان) پشتیوانی لە داپۆشینی قەشەنگانەی دژ بە ڕووتییەکی ڕووت دەکات، چونکە پێی وایە ڕووتی ئەوەیە، کە هیچ داپۆشراوێتییەکی تێدا نییە و بەوەیش دەبێ بە پۆرنۆگرافیا. پۆڕنۆگرافیا وەك ڕووتی، هیچ نهێنییەکی تێدا نییە و پێچەوانەی جوانییە. هەمیشە پۆڕنۆگرافیا وێنەی بێهەڵوێستن، کە نیاز و تێڕوانینیان نییە، بە تەواوی بە پێشکەشکردنی تەنها یەک شت پەیوەستن ئەویش سێکسە.

بەڵام جوانیی ئیرۆتیکی ئەوەیە، کە دەرنەکەوتن دەپارێزێت، ئەوەیە کە لە نێگەتیڤییەت دانامالرێت. (پانتاییی ئیرۆتیکی جەستە، ئەو شوێنەیە کە پۆشاك تێیدا قلێشی بردووە و فەتحەدارە- کەلێنێ کە بەشێکی ڕووتی و نهێنیی جەستە لێیەوە دەردەکەوێت)، کەچی پۆڕنۆگرافیا ئامانجی نیشاندانی ڕووتی جەستەیە، لە دۆخە قێزەونەکانیدا. بەڵام دۆخەکانی جەستە وەک بیۆنگ- چول هان، تێبگەیشتووە تایبەت بە پۆڕنۆگرافیا نین، تایبەتن بە ئیرۆتیکا. جوانی پێش دەرکەوتنی دوودڵە، جوانی پڕشنگی نهێنییەکەی لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ دەپارێزێت، بەم جۆرە نهێنیی جوانی دەبێتە ئیرۆتیک، بەڵام پۆرنۆگرافی بۆ جۆرێک لە فۆتۆگرافی وروووژێنەری ڕاستەوخۆ دەگۆڕێت.

شاردنەوە بۆ جوانی پێویستە، بۆیە ناتوانرێت بەرگەکەی لێ بکرێتەوە، یان پەردەی لەسەر لابدرێت. بە زەحمەت دەرخستنی جوانی، بەشێکە لە سرووشتی جوانی خۆی، ناشێ ڕووتی بکەینەوە و سەرپۆشەکەی لەبەر داماڵین، جوانی لە شاردنەوەی خۆیدا جوانە و لە بنەڕەتدا جوانی تەمومژاوییە. جوانبوون بە تەواوتی واتە شاردنەوە. لێرەوەیە (ڤاڵتەر بنیامین) ڕەخنەی هونەری بە تیۆریی شاردنەوە ناو دەبات. واتە ئەرکی ڕەخنەی هونەری، پەردەلادان لە بەرهەمی هونەری نییە، بەڵکە ئەوەیە، کە وردتر هونەر لە پشت پەردەکەی خۆیدا بناسێتەوە، ئەوەیە کە دوور لە هاوسۆزی درۆ و دیدگای بێهەڵوێست، جوانی ببینێ! وەک نهێنی وردتر چاودێری دەرکەوتنی دیدگای ڕاستەقینەی جوانی بکات، چونکە بەرهەمی هونەری ڕاستەقینە جگە لەو شوێنە نەبێ، کە بە نهێنیی خۆی تێدا دەنوێنێ، ئەگینا لە هیچ شوێنێکی دیکە خۆبەدەستەوە نادات. کەواتە ڕەخنەی هونەری لە کۆی پەیوەندییەکانی لە کار بە شوێنەوە، یان بە کولتوورەوە دەکۆڵێتەوە.

جوانی بابەتێکە هەمیشە درەنگ دێتە پێشەوە. کەواتە شاردنەوە بۆ جوانی پێویستە. چونکە جوانییەکان بە هیچ شێوەیەکی تر جیا ناکرێنەوە. وەك ئەوەی بینینی جوانی نهێنی بێت، هەمیشە ناسینی جوانی لە دۆخی شاراوەی خۆیدایە. بەو مانایەش پەردە گرنگترە لەو بابەتەی

کە شاراوەتەوە. پەردە خەیاڵی دەقیش دەوروژێنێت. دەستەواژەی وزەی ئیرۆتیکا و چێژی ئیرۆتیکیی دەق جیاوازە، لە چێژی ڕووتی جەستەیی کە لە پەردەلادانی وردە وردە دەردەکەوێت، یان ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت. وزەی ئیرۆتیکی جۆرێکە لە دیاردەی پەیوەست بە شاردنەوە، کە پۆرنۆگرافی ڕاستەوخۆ لەناوی دەبات. وزەی ئیرۆتیکی لە وەسوەسەوە بۆ خۆشەویستی، پاشان بۆ ئارەزوو، دەستبازی، پاشان سێکسییەت هەنگاو دەنێت. پۆرنۆگرافیا نوێنەرایەتیی کۆتاییی ڕەهای ڕووتی دەکات.

بە بڕوای (ڕۆلان بارت) لە ئیرۆتیکادا پەردە بەشێکی سەرەکی لە وروژاندنی سێکسی پێکدەهێنێ. واتە سێکسیترین بەش لە جەستەدا ئەو شوێنەیە کە لە کەلێن- شەق- کرانەوەی جل و بەرگدا دەردەکەوێت. کۆی وروژاندنی سێکسی لە ئیرۆتیکدا لە خەونێکی هەرزەکارانە دەچێت، ئەو پەیوەندی و سۆزدارییەیە کە خۆشەویستی پێشکەشی دەکات، وەسوەسەی زانین، ئارەزووییەکە بەبێ بوونی واقیعێکی ڕاستەقینە لە خەیاڵدا گەمە دەکات، وزەی ئیرۆتیکی سیحرێکە لە پشت پەردەکانەوە بۆ ئەو خەیاڵە ڕاتدەکێشێ.

ئیمانۆیل کانت لە لێدوانێکدا لەسەر شیعری (هۆڵدەرلین) دەنووسێت: سرووشت لە ڕێگای فۆرمە جوانەکانییەوە قسە دەکات و ئەو دیارییەی پێبەخشیوین، کە نووسینی نهێنی لەناو هەستی ئەخلاقیماندا شی بکەینەوە. لێرەدا کانت فۆرمی جوانی بە نهێنی و نهێنی بە هەستی ئەخلاقییەوە دەبەستێتەوە. ئەو مەبەستە پێویستی بە هێزێکی خەیاڵی هەیە، کە توانای خەیاڵکردنی ئەو بیرۆکە ئەخلاقییانەی هەبێت، کە لە ڕەوتی پرۆسەی پەروەردەی پێشکەوتوودا بەدەستیان هێناوە. بەپێی ئەو کارەکتەرە ئایدیاڵەی کە جوانی لەخۆی دەگرێت، کانت باس لە جوانی وەک ئەخلاق و باس لە ئەخلاق وەک جوانیناسی دەکات. بەو مانایە جوانی پەیوەندی بە یاساکانی پەیوەست بە جۆرە هونەرییەکانەوە هەیە.

جوانی ئیرۆتیکی پەیوەستە بە هێزی خەیاڵ و سۆز و ئارەزووی سەرسوڕهێنەر و خۆشەویستی و شۆکەوە. بەڵام جوانیی پۆرنۆگرافی سەر بە فۆڕمی ڕاکێشان و لایکە- حەزم لێیە، هیچ شۆکێکی تێدا نییە. یەکەمیان دوور بە دوور بێ ئەندازە حەزی بینین دەوروژێنێ، حەزی بینین قووڵ دەکاتەوە، ڕامان و چڕبوونەوەی تێیدایە، وێنەکە دوورە تا جارێکی دی بیری لێ بکەمەوە، سەرەڕای ڕوونییەکەی تا ماوەیەک خۆی ئاشکرا ناکات. یان بە مانایەکی دیکە تا نەتخاتە حاڵەتی ئارەزووکردن، تا شۆکت نەکات، خۆی ئاشکرا ناکات.

بەڵام پۆرنۆگرافیا وێنەیەکی فۆتۆگرافی نزیك و پۆلێشراو و شەفافە، هیچ درزێک و ناڕوونییەکی تێدا نییە، هەموو شتەکان بەرەو دەرەوە دەگۆڕێت و نمایشی دەکات، هیچ برە تایبەتمەندی و شاردنەوە و نهێنییەك لەخۆ ناگرێت، بە تەواوی تایبەتە بە نمایشکردنی تەنها یەک شت: سێکس! هیچ بابەتێکی چاوەڕواننەکراوی دیکەی نییە، کە بێتە سەر ئەوەی شتێک دوابخات، یان سەرقاڵ بکات. بەو مانایە پۆرنۆگرافیا- ڕووتی ڕاستەوخۆ و قێزەونە، هیچ شتێکی مانادار و شاراوە ناپارێزێت. بەڵکوو لەبری ئەوە ماناکان ڕادەست دەکات، بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدات و لە نزیکەوە و لە هەموو ڕووییەکەوە نمایشی خۆی بکات.

کەواتە ئیرۆتیک جیاوازە لە پۆرنۆگرافی، چونکە یەکەمیان پەنا بۆ دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و بازنەیی هەست و ڕامان و ئارەزوو دەبات. پۆرنۆگرافی دەستبەجێییە، هیچ چڕییەکی سیمیۆلۆژیی تێدا نییە، خاوەنی هیچ شتێک نییە، کە بتوانرێت بکرێتە ئامانج، بەڵکە بابەتێکە بۆ (لایك- من حەزم لێیە). دواخستن و خاوبوونەوە و سەرلێشێواوی ئامرازی کاتیی ئیرۆتیکن.

بەکارهێنانی ڕوون و فریودەرانە، سێکس و ئاماژەکردنی ڕاستەوخۆ بە بابەتەکە، پێکهاتەی پۆرنۆگرافیایە.

## ڕزگارکردنی جوانی

(بیۆنگ-چول هان) لە هەڤپەیڤینێك بە ناوی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆرۆنا) کە (هاوڕێ خالید) بۆ کوردی وەریگێڕاوە، دەڵێ: نەمانی نەریت و ڕێتواڵەکان، دەلالەت لە نەمانی کۆمەڵگا دەکەن، (شۆڕشی پەیوەندییەکان) کە تەقینەوەی دیجیتاڵی لێکەوتۆتەوە، گوایە پەیوەندییەکان بەیەکەوە تۆخ دەکاتەوە، بەڵام لە یەکتری نزیک نەکردوونەتەوە، بەڵکە نەك هەر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی فەرامۆش کردووە، بەڵکە پەیوەندیی نێوان ئەستێرەکانیشی لا بردووە و ئیگۆی کردووە بە ناوەند و سێنتەری بەرژەوەندییەکانی خۆی.

بۆیە سەرەڕای شۆڕشی پەیوەندییەکانی دنیای دیجیتاڵی، کەچی هەستکردنمان بە تەنیایی و گۆشەگیری زێتر گەشەی کردووە. ڕاستە هەموو جارێک بانگهێشت دەکرێین بۆ دەربڕینی بۆچوون و پێداویستی و ویست و هەڵبژاردن و تەنانەت باسکردنی ژیانی تاکەکەسیمان، (بەڵام تەنها بە لایك)، (تەنها بە لایك) دووبارە ناساندنەوە و نوێنەرایەتی و نمایشی خۆمان دەکەین (من، خۆمم) ڕاهێنان بە خۆشەویستی و پەرستن دەکەین.

(بیۆنگ-چول هان) لە ڕەخنەگرتنی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵ زیاتر دەڕوات و تاوتوێی ئەوە دەکات، کە چۆن بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەزموونی ئێمە لە کات، خۆشەویستی و هونەر... بۆ لایك دەگۆڕێت! لەوەش سەرنجڕاکێشتر دۆخی ئێستامان بە زستانی شارستانیەت ناو دەبات. لە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی شتەکان بەرەبەرە گرنگییان نامێنێ. شتەکان خۆیان خستووەتە ژێر ڕکێفی زانیارییەکان. هەر تەنها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو کۆتایی نابنەوە، هەر تەنها ژیانی پچڕ پچڕ نەکردووە، هەر تەنها لاوازکردنی پەیوەندیی ڕاستەقینە و چێژی هونەری و جوانی لێ نەکەتۆتەوە. بەڵکوو بە واتای کۆتاییهاتنی مرۆڤی سیاسیش دێت، کاتیگۆری کاتیش لە سیاسەتدا لە ناو دەبات، هەر تەنها بانگەشەی شەفافییەتی پۆڕنۆیی ناکات، بەڵکوو بانگەشەی شەفافییەت لە نووسینشدا بە ئەرکی خۆی دەزانێت. بەو مانایەش دەبێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی جیدییەتی نووسین و چۆنێتی. ئەگەرچی نووسینەکەی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی تایبەتی بێت، یان پێکەوەیی، شەفاف بێ، بەڵام تەنیا کەڵەکەکردنی پیتە و هیچی تر، ئیتر تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی عەوامگەرییەکی بەرفرەوانی لە زۆربەی بوارەکان لەگەڵ خۆی هێناوەتە ناوەوە.

تۆڕی دیجیتاڵی لە جیهاندا کار بۆ گۆڕینی جوانی بۆ بابەتی ئەرزێنیی چێژ دەکات، وەك چۆن جەستەی بە هەستەوەری دیجیتاڵی تەیار کردووە و هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە جەستە تۆمار دەکات، بە هەمان شێوە پێوانەکردنی چەندایەتیی جەستەش دەکاتە شاشەی چاودێری و کۆنترۆڵکردن، هەروەها کۆی ئەو زانیارییانەش لە ئینتەرنێتدا کۆ دەکرێنەوە و بۆ ئاڵوگۆڕکردن بەردەست دەخرێن! بە دیوەکەی دیکە ڕەوتی زانیاری جەستە بۆ کۆمەڵێک داتا دەشێوێنن، بە جۆرێک کە دەبێتە کۆمەڵێک داتای چاودێریکردن، لە هەمان کاتدا جەستە بۆ شتگەلێکی بەشەکی هەڵدەوەشێتەوە، کە لە ئەندامە سێکسییەکان دەچن. بەمجۆرە بابەتی ڕووتی چیتر وەک دیمەنی گێڕانەوەی خەیاڵ، چیتر وەك تێڕامان و هونەری ئیرۆتیکی کار ناکات، بەڵکە دەبێتە پۆڕنۆگرافیا، دەبێتە داتای زیادکراو یان کۆمەڵێ بابەتی بەشەکی.

خەیاڵ وەك بنەمای داهێنان چەندان زانیاریی هەستیاری لە ڕێگای - حدس- ەوە بەدەست دەهێنێ، بە دیوەکەی دیکە لەسەر ئاستی هونەردا توانا مەعریفییەکانی خەیاڵ پراکتیزەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و بەجێهێنان دەکەن، لە یارییەکی ئازاددا وەک کرانەوە دێنە گۆڕەپانەوە و جوانیش وەك بەرهەمی ئەو پراکتیزەکردنە چێژ دەخاتەوە، کەواتە چێژ لە ئەنجامی هاوئاهەنگیی توانا مەعریفییەکان و بەجێهێنانەوە دێتە ئاراوە، یان لە هاوئاهەنگی ڕێکخستنی هێزەکانی مەعریفەدایە. بەو مانایەش جوانی هەستکردن بە شتەکان نییە، بەڵکوو هەستکردنە بە خۆی. کاتێ خود بەدوای جوانیدا دەگەڕێت، پەنا دەباتە ناوەوەی خەیاڵە زیندووەکانی خۆی، بەڕاستی مرۆڤ دەبێ مێشکی خۆی لە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەك ئازاد بکات. بیرۆکەی بێکۆتایی لە عەقڵی مرۆڤدایە، بەڵام خود لە ناوەوەی خۆی دوور ناکەوێتەوە، نە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی جوانی، نە کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی بابەتێکی زاڵ دەبێتەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، خود جەخت لە ناوەوەی خۆی دەکاتەوە. دواجار ئیرۆتیکا، جوانیی سرووشتی، خەیاڵی داهێنان، تێڕامان و چڕبوونەوەی ناوەوەیە، هەمیشە لە لۆژیکی بەکاربردن دوور دەکەوێتەوە!. گومان، و دواخستن، شاردنەوە و هەڵەکردن هەموویان ستراتیژی فەزای جوانی و کاتی جوانیین. جوانی پێش دەرکەوتنی دوودڵی پێوەدیارە، بۆیە بەردەوام پرشنگی نهێنییەکانی لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ دەپارێزێت. بەڵام پۆرنۆگرافیا هیچ برە گومانێکی لە دەرکەوتندا نییە. لەگەڵ دەرکەوتندا مافی بەدەستهێنان لەدەست دەدات و بۆ جۆرێک لە فۆتۆگرافی وڕووژێنەر دەگۆڕێت.

بە بڕوای (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) جەوهەری جوانی لە دەوری نەریتی سەرلێشێواوییەوە نییە، بەڵکوو بریتییە لە فۆرمێک کە خۆی لە بێ فۆرمییەوە هەڵدەگرێتەوە... وێنەی جوانی وەک شتێکی ناوازە و جیاواز لە ئازادی، لە ترس، لە کۆی باڵادەستی و هێزی سرووشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام دەرکەوتنی جوانی بە تەواوی سەرلێشێواوی ڕەت ناکاتەوە، وەك چۆن شێوە ڕواڵەتی دەرەوەی جوانیش، ناسک و مەترسیدارە، پەیوەندیی نێوان جوانی و ترسناکی مەرج نییە دژ بەیەک بن. واتە مەرج نییە جوانی بە تەواوی لە پاڕاستنی خۆی سەرکەوتوو بێت، بەڵام هەرگیز ترسناکی بە سادەیی ڕەت ناکاتەوە. مەبەست لە (ترسناک)ی ئەوەیە، کە دەشێ جوانی بکەوێتە نێوان کارەسات و تاریکی و ناشیرینی و نادیاری و دەستێوەردانی ئەوانیدیکە و گۆشەگیری سوبێکتەوە.

دەتوانم بڵێم، جوانی بریتییە لە گۆڕینی ڕووی بینراو (ڕووخسار) بۆ ئاسۆی بێکۆتاییی نەبینراو (جەوهەر)! کەواتە هەمیشە ڕووخساری جوانی لە شۆکی گومان و دڵنیایی، ناسک و مەترسیدار، دیار و نادیار، ئەرێنی و نەرێنی.. دەردەکەوێت. بەڵام ئەوە جەوهەری ڕووخسارە کە جوانی دادەمەزرێنێت. جەوهەری جوانی لە هەموو شتێکدا دەتوێتەوە، کە نەرم و نیان بێت، کەواتە جوانیناسی بە فۆرمولەی دژبەیەکەوە فۆرمی جوانی باس دەکات. ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە وەك لە کتێبی (ڕزگارکردنی جوانی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، بەدرەدین مستەفا، چاپی یەکەم: ٢٠٢٠) هاتووە، بەرەو نهێنییەکانی ئیرۆتیکا دەچێ و دژ بە پۆرنۆگرافیایە!

بەمجۆرە مەودایەکی جوانکاری هەیە، کە وامان لێ دەکات بتوانین قەدری جەوهەر جوانی بزانین. قەدرگرتنی جوانی لە بەکارهێنانی جەوهەرەکەیدا نییە، بەڵکوو لە تێڕامانی ڕووخساری جوانیدایە، بەڵام ئەو ستایشکردنە لەو شوێنانە نائادەیە کە مەودای تێڕامان لەنێوان سوبێکت و ئۆبێکتدا بە پێوانەی ئەندازەیی شۆڕشی پەیوەندییەکان دەپوڕێت، لەو شوێنانەی کە نەتوانین لە جوانی ڕابمێنین.

## جەوهەری جوانی ئازادییە

زیادەڕەوی لە بەدیهێنانی جەوهەری جوانی، لە سنووردارکردنی خودی ژیاندایە، مردن، ژیان بۆ شتێکی مردوو دەگۆڕێت، ژیان پەرت دەبێت و دەڕژێت. نێگەتیڤی هێزی بزوێنەری ژیان خۆی دەشارێتەوە، جەوهەری جوانی پێک دەهێنێت. بەهۆی ئەو جەوهەرە عەقڵانییەی کە هێزی بزوێنەری ژیان لەخۆ دەگرێت، ئایدیالی جوانی خۆی لە هەر جۆرە بەکاربردنێکی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرێت! بەڵام لاوازی و ناسکی و شکاوی هەر هەموویان سیفەتی سرووشتی جوانیین. بە پشتبەستن بەو مانایە، جوانی بە هەموو توانا و هێزی خۆی قەرزاری وەسوەسەیە. وەسوەسەی جوانی دژە ژەهرێکی چارەسەری وەهایە، ژیان دەگرێت، هەر بۆیەش هەمیشە ژیان دەیخواتەوە. بەمجۆرە ئەگەر زەوی لە پێناو ژیاندا فەتح بکرێت، ژیان ناتەواو دەبێت.

کەواتە بابەتی جوان بابەتێکە کە لەبەردەم شتێکدا وەستاوە، کە تیایدا هەر جۆرە وابەستەییەک، یان زۆرەملییەك... قبووڵ ناکات، جوانی بە تەواوی ئازادە لە هەر زاڵبوونێک لە دەرەوەی خۆیدا کە بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆی کار دەکات، جوانی هەرگیز دیلی ئەرک و ناچاری و مەبەستێك نییە، هەرگیز سوبێکت هەوڵی بەدەستهێنانی جوانی بۆ گەیشتن بە نیازەکانی نادات، بەڵکوو سەربەخۆیانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. سوبێکت وەک ئامانجی جوانی لە خۆیدا مامەڵە  لەگەڵ جوانیدا دەکات. بەرژەوەندیی تەواو لە ئامانج جیا دەبێتەوە و دەبێتە هەڵوێستی جیاکەرەوەی جوانی بەرانبەر بە جوانەکان.

کەواتە لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانەوە تەنها جوانی فێری ئازادیمان دەکات. جوانی بۆ خۆی ئامانجە. ئامانجەکانی جوانی لە جەوهەری جوانیدا پەنهانە. جوانی لە جەوهەری خۆیدا بەهای خۆی بەدەست دەهێنێت. بۆیە ناکڕدرێت و بە تەواوی لە بەرژەوەندییەکان دوورخراوەتەوە. لێرەوەیە دەڵێن هونەر لەگەڵ سەرمایەداریدا ناگونجێت! سەرمایەداری هەموو شتێک دەخاتە بەردەم بەکاربردن و دابینکردن و داواکارییەوە.

ئیتر دوای ڕووبەڕووبوونەوەی جوانی و ئازادی و سازش، ئارەزوو و پابەندبوون نامێنێت و ئەگەری پەیوەندییەکی ئازاد لەگەڵ جیهان و لەگەڵ جوانیدا دێتە ئاراوە. لەبەرانبەر جوانیدا، سوبێکت لەبری ئەوەی لە پێشەوەی پەیوەندییەکان بوەستێت، هەنگاوێکی لاوەکی دەگرێتەبەر و دەبێتە کارەکتەرێک کە لە پەراوێزدا.. سوبێکت هەنگاو دەنێیتە دواوە بۆ بەرژەوەندی ئەویدیکەی جیاواز. بێ کۆتاییبوونی جوانی لە بوونی ئەبەدیی ئەویدیکەوەیە، بەمجۆرە ئەبەدیەتی جوانی دەست پێ دەکات، ئەبەدیەتی جوانی ئەوەی وەک ڕۆناکییەک لە جەوهەردا دەدرەوشێتەوە، کە بەناو ئەوی دیکەدا بڵاو دەبێتەوە. دواجار وەك دەردەکەوێت ئەرکی هونەر لە ئازادکردنی ئەویدیکەدایە. ڕزگارکردنی جوانی ڕزگارکردنی ئەویدیکەی جیاوازە.

هەولێر 2025/3/14